کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

دەورەی تازە　ژمارە ١٦　دوو شەممە　١٣٨٢/٢/١　April ,21th ,2003

# بژی ١١ی گوڵان ( ١ی مەی ) ڕۆژی جیهانی کرێکار ،ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی کرێکاران

ڕۆژی شکۆداری ١١ی گۆڵان ( یەکەمی مانگی مەی ) بەڕێوەیە . کرێکارانی سەرانسەری جیهان هەموو ساڵێك بە بوونەی ڕێزدانان لە سەرکەوتنی چینی کرێکاری ئەمریکا لە یەکەمی مانگی مەی ١٨٨٦ی زائینی ، ئەم ڕۆژە مێژوئیە جەژن دەگرن . گرینگی خۆپێشاندان و ڕێپێوانەکانی سەرشەقامەکان لە لایەن کرێکاران لەم ڕۆژە مەزنە ، لە بەرخاتری نوێ کردەنەوەی عەهد و پەیمان لە گەڵ ئارمانەکانی چینی کرێکار ، نیشان دانی ئێرادەی یەك دەست و هاوپشتی نیونەتەوەیی دژی بورژوازی ، وەك دوژمنی چینایەتی کرێکارانە . ریزەکانی پێکەوە گرێ دراوی کرێکاران لە گەڵ هاوارەکانی نارەزایی و ئازادیخوازانە ، رەنگدانەوەی هێز و ئێرادەی پتەوی چینێکە کە بۆ رووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری ، دامەزراندنی سوسیالیزم و پەرەپێدانی ئەنترناسیونالیزم هەستاون .

ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی بۆ کرێکاران تەنیا جەژنێکی گەورەی هاوپشتی نیە . ئەم ڕۆژە پێش لە هەموو شت ڕۆژی ڕێز دانان لە نەریتەکانی خەباتی کرێکاران ، ڕۆژی تووند کردنی خەبات بۆ وە دیهێنانی داخوازیەکان و ئامانجەکانی کرێکاران و رزگاری لە هەزاران نکبەتی سیستەمی سەرمایەداریە . ڕۆژی نێشان دانی ئێرادەی پۆلائینی بەرهەم هێنەرانی نەعمەتەکانی مادی و خوڵقێنەری پێویستیەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە .ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی ، نیشان دانی توانای هێزی کۆمەڵایەتی چینێکی جیهانیە . هەر بۆیە ڕۆژێکی نیونەتەوەئیە . بەڵام چینی کرێکاری هەر وڵاتێك بە گرێ دانی ڕێزدانان لەم ڕۆژە ، بەڕێوە بردنی جەژنەکانی یەکەمی مانگی مەی ، لە گەڵ خەباتی خۆی لە ئاستی میللی ، دەتوانێ لەم جەژنە مەزنە جیهانیە بەشدار بێت.

سەد و چوار ساڵ بەر لەمە ، کاتێك کرێکارانی ئامریکا ، بە دروشمی دیاریکردنی کاتژمێرەکانی کار کردن هاتنە سەر شەقامەکان ، لە ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەێك وەستان کە خواستی دیاریکردنی کاتژمێرەکانی کار کردن لە هەموو وڵاتانی سەرمایەداری ، وەك ئەسلی‌ترین داخوازی خۆی ڕاگەیاندە بوو . بۆیە هاواری خەباتی کرێکارانی شیکاگو لە یەکەمی مانگی مەی ١٨٨٦ لە هەموو جیهان دەنگی داوە و لەو کاتە بە دوادا هەر ساڵ یادی خەباتی قارەمانانەی ئەوان ، بە توونددکردنی خەبات بۆ وەدی هێنانی داخوازیەکانی کرێکاران ڕێز لێ دەگیردرێ . ڕاگەیاندنی ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی وەك ڕۆژی جیهانی کرێکاران لە لایەن ئەنترناسیونالی دووهەمیش ، بە تەعکید لە سەر گرێنگی جیهانی داخوازیەکانی کرێکاران و کاریگەری بەرانبەری ئەوان لە هەر شوێنێکی جیهان ئەنجام درا و بووە نەریتێکی هەمیشەیی .

لە مەودای زۆرتر لە یەك سەدەی ڕابردوو ، چینی کرێکار لە ئاستی جیهانی ، سەرکەوتنەکانی مەزنی بە دەست هێناوە . گرێنگترین داخوازیەکانی خۆی لە زۆربەی بوارەکان ، وەدی هێناوە . بە سەرکەوتنی شۆرشی مەزنی سوسیالیستی ئوکتوبەر ، جیهانی سەرمایەداری تووشی دوو بەرەکی کرد و سیستەمێکی نوێی دامەزراند و پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە زۆر وڵاتی دیکە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت ، ئەگەر چی لە ئاکامی قەێران لەو سوسیالیزمە کە لە تێگەیشتنی ناتەواو لە بنیات نانی سوسیالیزم و ئامرازی پاراستنی ئەو واتە دیکتاتۆری پرولەتاریا رووی دا ، چینی کرێکار دەسەڵاتی لە دەست دا و پرۆسەی گەرانەوەی کۆمەڵگا بەرەو سەرمایەداری



دەستی پێ کرد . بەڵام نەریتەکانی سوسیالیستی چینی کرێکار و دەسکەتەکانی ئەو ، جێگای مێژوویی خۆی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پاراستووە . شکستی تێگەیشتنی بوروکراتیك لە سوسیالیزم سەرەرای هەموو ئاکامە تاڵەکانی ، بە ئەزموونەکانی

←

ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی ( بەشی دووهەم )
لاپەرەی ٤ ، ٣
پەرەساندنی گرانی و هەژاری لە . . .
لاپەرەی ٥
یادی شەهیدانی ڕێکخراو و ئەدەبیاتی شۆرشگێرانە
لاپەرەی ٦
بزووتنەوەی یەکیەتیەکانی کرێکاری و چۆنیەتی . . . ( بەشی یەکەم )
لاپەرەی ٨ ، ٧
کۆتایی چیرۆکی قارەمانی ئەشکنجەگەران
لاپەرەی ٩
ووشەی سیاسی
لاپەرەی ١٠

**کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**

خۆی ، ئەزموونی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکارانی جیهانی دەوڵەمەندتر کردووە و ئیرادەی چینی کرێکار لە نوژەن کردن ، پەرەپێدان و سەقامگیری سوسیالیزم لە داهاتوو ، وەك ئارمانی بەرزی مرۆڤایەتی ، پتەوتر کردووە . چونکە کرێکاران بە ئەزموون ، سەلماندووە کە شکستی خۆیان بە ئەزموون وەرگرتن لە شکستەکان دەکەنە چەکێك بۆ سەرکەوتنەکانی مەزنی خۆیان . ئەمە ئەزموونی گەورەی یەکەمی مانگی مەی خوێناوی کرێکارانی شیکاگۆ بوو ، کە دەنگدانەوەی ئەو ئێستا هەموو ساڵێك لە سەرانسەری جیهان لە هێزی یەکگرتووی کرێکاران ، هەرچی بەرزتر بە گوێ دەگات .

لە ئێران کە ڕژێمێکی دیکتاتۆری _ مەزهەبی بە ناوی کۆماری ئیسلامی دەسەڵات بە دەستیەتی . ناهێڵن کرێکاران بە شێوەیێکی ئازادانە کۆ ببنەوە . ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێك لەم ڕۆژەدا لە ڕێگای ئۆرگانەکانی دژی کرێکاری خۆی ڕێ و ڕەسمەکانە فەرمایشی بەڕێوە دەبات تاکو بەرگرێ بکات لە هەرچەشنە ڕێ و ڕەسمێکی سەر بە خۆی کرێکاران. ماوەیێکی زۆرە کە چینی کرێکاری ئێران ناتوانێ ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی سیاسی _ کۆمەڵایەتی ئێران ببینێ . تێکۆشانی بێ وچانی کرێکاران چ لە ڕژێمی شا و چ لە دەورانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ، هەموو کات بە زیندان ، ئەشکنجە و ئیعدامی وەلام دراوەتەوە .ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەك هەموو حکومەتەکانی سەرمایەداری ، بە شێوەیێکی بەردەوام پروپاگەندی بەربلاو بەرێ دەخات ، تاکو بە خەڵك ، بە تایبەت کرێکاران و لاوان بسەلمێنێ ، سوسیالیزم و کۆمۆنیزم لە ناو چووە . سەرەرای هەرا و هوریای ڕژیم دژی کۆمۆنیزم ، ئیمانی چینی کرێکاری ئێران بە نیسبەت سوسیالیزم سست نەبووە بەڵکو پێویستی مێژوویی گۆڕانکاریکی شۆڕشگێرانە لە کۆمەڵگا و دیفاعی سەرسەختانەی ئەوان لە دیموکراسی و سوسیالیزم زۆرتر بووە . پاش هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەلات ، شایی و هەڵپەڕکێکی بێ سنوور لە لایەن جیهانی سەرمایەداری بیندرا . سەرەرای ئەمەی



کە ئێستا زۆرتر لە یەك دەیەیە کە جیهانی سەرمایەداری دەسەڵاتی خۆی بە سەر دونیا دا بلاّو کردوتەوە ، بەلاّم هێشتا نەك هیچ چەشنە گۆرانکاریکی بنەرەتی بە قازانجی هیچ کام لە توێژەکانی کۆمەڵایەتی جیهان ڕووی نەداوە . بە پێچەوانە ، هەژاری ، شەر و نائەمنی پەرەی ساندووە . بۆیە هێشتا هەل و مەرجی گونجاو هەیە تاکو بیر و بۆچوونەکانی سوسیالیستی لە نێوان چینی کرێکار و هەموو زەحمەتکێشان تەبلیغ و بلاو بکرێتەوە. ئێستا چینی کرێکاری ئێران لە باروودۆخێکی زۆر خراپ لە بواری ئابووری _ کۆمەڵایەتیە . لە چوار چێوەی پروپاگەندەکانی دژی کرێکاری کۆماری ئیسلامی ئێران ، ئۆرگانەکانی وەك وزارەتی کار ، ماڵی کرێکار ( خانە کارگر ) و ئۆرگانەکانیتر وەك ئەمان لە مافەکانی کرێکاران قسەی پڕ و پووچەڵ دەکەن . لە حاڵێکدا ئەم ئۆرگانانە هیچ پەیوەندێکیان بە کرێکارانی ئێران نەبووە و نیە ، ئەوان تەنیا ئامرازی قازانجەکانی چینایەتی سەرمایەداران و سیستەمی مەزهەبی دەسەپاون . بە هۆی هەل و مەرجی دیکتاتۆری و سەرکوتی ساڵەکانی ڕابردوو ، هەر چەشنە پەیوەندێك نێوان چینی کرێکار لە گەڵ توێژەکانی کۆمەڵایەتی وەك زەحمەتکێشان ، ماموستایان ، فەرمانبەران و هتد ... لە ئاستێکی نزمە . بەم حاڵەدا ڕژێم نەیتوانیوە ئەم پەیوەندیە هەر چەند لاوازیش بێت بپچرێ . هەر چەند بوونی ئەنجومەنەکانی ئیسلامی لە کارخانەکان و سیستەمی پۆلیسی ، جیایی و بلاّوە بوون لە نێوان کرێکارانی پێك هێناوە ، و سەرەرای هەموو زەخت و چاوەدێریەکانی پۆلیسی ، لە مەودای ساڵەکانی ڕابردوو مانگرتنەکان و خۆپیشاندانەکانی کرێکاری یەك بە دوای یەك ڕووی داوە .

لە هەل و مەرجی ئێستادا چارە سەری گرفتەکانی چینی کرێکار وەك توێژەکانیتری ئێران لە گیرۆی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە . ئێستا پاش ٢٤ ساڵ ڕەنجی هەژاری و برسیەتی ، شەڕ و ماڵ وێرانی ، ئەشکنجە و ئیعدامی دەسەلاّتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ، چینی کرێکاری ئێران بە پێشوازی ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی دەچێ ، بەم هیوایە کە بتوانێ یەکیەتی و یەك دەستی خۆی پتەوتر بکات . ڕیزەکانی خۆی ڕێك بخات و بە سەر وێرانەکانی کۆماری ئیسلامی ، سیستەمێك بێ چەوساندنەوە و ئازاد و دیموکراتیك دامەزرێنێ .

## پاشماوەی بابەتی (( کۆتایی چیرۆکی قارەمانی . . . ))

بهێڵە بەرژەوەندی خوازان فوو کەن لە زورناکانیان و بلێن قارەمان و قارەمانیتی تەواو بووە و بە دوای گۆرانکاریەکانی کۆمەڵگای دواکەوتووی ئێران تەنیا لە نووسراوەکان و لە کتێبەکان و سایتەکانی کومپیوتەری بگەڕن و بە هیوای باروودۆخێك بن تاکو ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی کردەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە ڕێبەری ئەمریکا و بە چەکی جەنگی پێشکەوتوو ، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ و دەس پەروەردەکانی خۆی بۆ جاریکیتر بە سەر چارەنووسی خەڵك حاکیم بکات.بەلاّم دەبێ بزانن سەرەرای جیاوازی یەکجار زۆری چینایەتی، و قەیرانی هێزەکانی سەرکوتگەر خەڵك بە پەرەپێدانی خۆراگری و خەباتی تێ گەیشتووانە و ڕێکخراوی خەڵکی و بە ڕێبەری پێشرەوی شۆڕشگێڕ و تێ گەیشتوو و ڕێکخراو و بە ئولگۆی قارەمانانی خۆی ئازادی و دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنێ.

# ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی ( بەشی دووهەم )

ئەگەر حیزبی توودە وەك سیمای ئۆپۆرتونیزم و نەفرەت لێکراوترین لایەنگر و سەرچاوەی بۆچوونەکانی ڕاست وەلا نێن ، ڕێکخراوەکانی بە ڕواڵەت چەپیش دەبینین کە سەرەرای ڕەخنە گرتنەکانی پەسا ، پەسا لە خۆیان ناتوانن هیچ چەشنە ئاڵ و گۆڕێك بە سەر شێوە و شێوازی چالاکی خۆیان بهێنن و ئەم ڕەخنانە هیچ کاریگەرێکی نیە لە سەر شێوە و شێوازی چالاکی ئەوان و یان هێندێك لە هێزەکانی بە ڕواڵەت چەپ نەك بە شێوەیێکی ئەساسی ڕەخنە لە خۆ ناگرن ، بەڵکو پێیان وایە کە هەر لە سەرەتای دامەزرانیان جگە لە شاکارەکانی زانایانە و داهێنانی شانازیانە ، هیچ کەم و کوڕێکیان نەبووە و نیە و بە خەیاڵی خۆیان وەك ئاڵا هەڵگری هێزێکن کە بە شێوە و شێوازی بە تەواوەتی کۆمۆنیستی سەریان لە هیلکە دەرهێناوە . سەرەرای هەموو جیاوازیەکانی بە ڕواڵەت ، بەڵام ، لە ناوەرۆك دا ، لایەنێکی هاوبەشی ئاشکرا لە نێوان ئەم ڕەوتانە دەبیندرێت . ئەم لایەنە هاوبەشە ئەمەیە کە هەر سێ ئەم ڕەوتانە زۆرتر لەوەی کە بە ئالوگۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و کاریگەرەکانی حەتمی خۆیان بە سەر پرۆسەی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا بروانن ، سەرنج دەدەنە دیفاع کردن لە کۆر و گروپی خۆیان و تەنیا بیر لە پاساو دانەوەی خۆیان دەکەن . تەنانەت ئەوانەی کە زۆرتر لە خۆ ڕەخنەی توندتریش دەگرن ، بە جێگای ئەوەی کە تێ بکۆشن بە شێوە و شێوازێکی دروست لە هەڵەکانی خۆیان ڕەخنە بگرن ، ڕەخنە لە خۆ گرتنیان کردووتە سەنگەرێك بۆ بەرپەرچ دانەوەی ڕەخنەی کەسانیتر ، واتە ئامرازێك بۆ ڕزگار کردنی کۆری خۆیان ، ئەم ڕەوتانە ڕەخنەکانی ناراستەقینەیان کردووتە ئامرازێك بۆ پاراستنی بارودۆخی حاکیم و نەك وەك هۆکارێك بۆ گۆڕینی ئەم بارودۆخە .

لە بزووتنەوەی کرێکاری جیهانیش لەم جۆرە بۆچوونانە کە تایبەتە بە کۆڕەکانی کە ڕەخنە گرتنیان کردووتە ئامرازێك بۆ پاراستنی بارودۆخی حاکیم و قازانجەکانی گروپی و کۆری خۆیان ، بە زۆری دەبیندرێ . بەرچاوترینی ئەم نموونانە دەتوانین لە شێوەی بیر کردن و شێوەی کار و چالاکی ترۆتسکیستەکان ببینین . ترۆتسکیش خۆی وەك تیئۆریسیەنی ئەم بۆچوونە لە تەواو دەورانی شۆڕشەکانی ڕووسیا ، خۆی وەك ناوەندی ئاڵ و گۆڕەکان دەزانی و لە ڕەخنە گرتن لە بلشویکەکان سەرەرای تێ گەیشتنی بە پێچەوانە لە بابەتەکانی شۆڕش ، هەمیشە ، خۆی وەك ڕاهێنەری جوولانەوەکانی سەرکەوتووی پرۆلەتاریای ڕووسیا دەزانی . تا ئەو جێگایە کە تەنانەت بە ڕای خۆی پێ وا بوو کە گوایە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتوبەریش نەك لە سەر ئەساسی شێوە و شێواز و پروگرامی بلشویکەکان و لە ژێر کاریگەری ڕێنمائیەکانی زانایانەی لینین ، بەڵکو لە سەر ئەساسی (( ڕوانگەکانی ئەو )) بە ئەنجام گەیشتووە .

لە بەرانبەر هەر چەشنە بۆچوونێکی بە لاری چووانەدا ، مانیفستی کۆمۆنیست ، شێوەی ڕەخنە گرتنی کۆمۆنیستی دیاری دەکات :

(( لە کۆمەڵگای بورژوازی ، ڕابردوو بە سەر ئەم کاتەدا زاڵ و حاکیمە ، لە حاڵێکدا لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ، ئەو کاتەی کە لەوێ داین بە سەر ڕابردوو حوکم دەکات . ))

مانیفستی کۆمۆنیست بەم ووتەیە ، ڕوون دەکات کە جگە لە پرۆلەتاریا کە ئیرادەی کردووە بۆ ئاڵ و گۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و بۆی هەنگاو هەڵدەگرێ ، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵایەتی جگە لە پاراستنی هەل و مەرجەکانی ئێستا و بارودۆخی خۆیان ، بیر لە شتێکیتر ناکەن .

یەکەمین و ئەساسیترین ئەسڵی ڕەخنە گرتنی کۆمۆنیستیش دەبێ بە شێوەیێکی حەتمی و بێ ئەم و ئەولا ، ئاڵ و گۆر لە بەرچاو بگرێ .

هەروا کە ووتمان ، ڕەخنە گرتن لە ڕوانگەی کۆمۆنیستی ، ئامرازێکە کاریگەر بۆ زاڵ بوون بە سەر بارودۆخی ئێستا و گۆڕانکاری بەرەو بارودۆخی نوێ . ڕەخنە گرتن ئامرازێکە بۆ ڕەت کردنی هەل و مەرجەکانی کۆن و ڕۆیشتن بەرەو هەل و مەرجەکانی نوێ . کۆمۆنیستەکان لە ڕێگای ڕەخنە گرتن ، هەڵەکانی ڕابردوو دیاری دەکەن تاکو ڕێگا چارەسەری داهاتوو بدۆزنەوە . بۆیە لە ڕەخنە گرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی ، یەکەم هەڵس و کەوتەکان و بۆچوونەکانی شەخسی هیچ جێگایێکی نیە و ، دووهەم هەر ڕەخنە گرتنێك بە شێوەیێکی حەتمی و پێویست دەبێ ببێتە هۆکاری گۆڕانکاری . بە واتایتر ڕەخنە گرتن ئامرازە نەك ئامانج . و هەر کات و بە هەر شێوەیێك ڕەخنە گرتن ئەگەر ببێتە ئامانج ، ناوەرۆکی ڕاستەقینەی خۆی لە دەس دەدات و جگە لەو دروشمە پووچەڵەی (( ڕەخنە گرتن بۆ ڕەخنە گرتن )) شتێکی لێ بە جێ نامینێ . لەم باسەدا هەروا نیشانمان دا کە تێکەڵ بوون بە لیبرالیزم چۆن روو دەدات ! ئێوە بەسە کە لە هەر تێگەیشتنێك ، لە ناوەرۆکی کۆمۆنیستی ڕەخنە گرتن چاوپۆشی بکەین تاکو مەیلەکانی بورژوایی بە هێز بکرێت و لیبرالیزم زیندوو ببێتەوە ، تاکو توندترین دروشمەکان ببێتە شتێکی پووچەڵ و بێ ناوەرۆك یان دروست تر بڵێن ببێتە دروشمێکی بورژوایی . لە هەر تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستیش هەر کات ڕەخنە گرتن ببێتە ئامانج و وەك ئەرکێکی هەمیشەیی و تەنیا بۆ ئەوەی بڵێن کارێکمان کردووە ، ئەنجام بدرێ ، دڵنیا بن سەرەرای هەموو هەوڵ و تێکۆشانی لە خۆ بردووانە و ڕاست بۆ گۆڕینی بارودۆخ ، مەیل بۆ پاراستنی بارودۆخی ئێستا بە خێرایی بە هێز دەبێت . پاسیفیزم و بێ کردەوەیی حاکیم دەبێ ، ڕاوەستان و سستی جێگای چالاکی دەگرێ و لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی جگە لە کۆڕێکی بورژوایی و این لە باشترین حاڵدا تاقمێکی وردە بورژوایی ، شتێك بە جێ نامینێ !.

لە درێژەی ئەم باسەدا و بە مەبەستی ئاشنا بوون لە گەڵ شێوەی ڕەخنەگرتنی کۆمۆنیستی لە پەروەردەکانی زانایانەی مارکس دەس پێ دەکەین . ئەو لە ڕەخنەگرتنی شۆڕشەکانی کۆمەڵایەتی لە هەژدەهەمی برومر لویی بناپارت ، دەڵێ :

(( شۆڕشەکانی بورژوایی لە جۆری شۆڕشی سەدەی هەژدەهەم بە خێرایی لە سەرکەوتنێك بە سەرکەوتنێکی دیکە دەگەن ، دیمەنە شکۆدارەکانی ئەوان یەکێك لەوەیتر زۆرترە . مرۆڤەکان و کەل و پەلەکان دەڵێی لە ژێر تیشکی ئەڵماس . حاڵەتی سەرنج ڕاکێشەری ئەو ڕەنگدانەوەی ڕۆحی هەر ڕۆژێیە ، بەڵام ئەم حاڵەتە خێرایە ، بە خێرایی دەگاتە لووتکەی خۆی و کۆمەڵگا پێش لەوەی کە بتوانێ بە سەرلەخۆیی لە دەسکەوتەکانی دەورانی زریان و هێرشی خۆی تێ بگات ، تووشی خەونێکی درێژخایەن دەبێت . بەڵام شۆڕشەکانی پرۆلەتری واتە شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە پێچەوانە ، بەردەوام لە خۆیان ڕەخنە دەگرن ، بەردەوام ڕادەوەستن و گۆمان دەکرێ دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە ئەنجام دراوە تاکو بۆ جارێکیتر ئەنجامیان بدەن ، تایبەتمەندی نیوە تەواو و لایەنەکانی لاوازی و بێ هێزی تێکۆشانەکانی سەرەتایی خۆیان بە شێوەیکی بێ بەزەیانە دەخەنە بەر ڕەخنە و سەرکوتیان دەکەن ، دوژمنی خۆیان دەڵێی تەنیا بۆ ئەوەی لە زەوی دەدەن تا لە زەوی هێزی تازە وەرگرێ و بۆ جارێکیتر وەك دێو دژی ئەوان هەستێ ، لە بەرانبەر دێوی نادیاری ئامانجەکانی خۆیان ئەوەندە پاشەکشە دەکەن تاکو لە کۆتاییدا بارودۆخێك پێك دێت کە هەر چەشنە ڕێگای گەڕانەوەی ئەوان لە ناو ببات و ژیان خۆی بە هاواری بەرزی خۆی ڕابگەێنێ :

(( ئەمە تۆپ و ئەمە گۆرەپان ))

ناوەرۆکی ووتەکە ئەمەیە . ئەگەر شعووری کۆمەڵایەتی بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتیە ، ئەگەر فاکتۆری شعوور لە چالاکی بەکردەوە ڕۆڵی ناسەرەکی و پەیڕەو دەبینێ ، ئەو کات زۆر روون و ئاشکرایە ، ڕەخنەیێك کە ئامانجی هێرشی ئەو ، گۆڕینی ڕاستیەکانی دەست و پێ گیرە ، ناتوانێ تەنیا پاڵپێوەدەری فاکتۆری شعوور بێت . بە واتای سادەتر شوێنی کاریگەری هەر ڕەخنەیێك دەبێ لە بارودۆخی ئێستا دەس پێ بکات . ڕەخنەگرتن دەبێ لە هەر بارودۆخێك بە بارودۆخێکیتر ، قۆناخی پەرەئەستێنەر بدۆزێتەوە . مارکسیستەکان بە جێگای ئەوەی کە بە شوێن هۆکارەکانی ئاڵ و گۆڕ پێکەر لە زەینی خۆیان بگەرن ، هۆکارەکانی مادی وەك ئەساس دادەنێن . تەنیا ئیدەئالیستەکانن کە لە زەینی خۆیان بە شوێن خەون و خەیاڵی گۆڕینی ڕاستیەکان دەگەرن ، تەنیا مەتافیزیسیەنەکانن کە وا بیر دەکەن کە هەر چ کە لە زەینی ئەوان دەگۆڕێ هەروا لە ڕاستیدا توانای گۆڕینی هەیە ! ڕەخنەگرتنەکانی یەك بە دوای یەك و بێ ئاکامێك کە نابێتە هیچ هۆکارێکی پێشکەوتن ، لە ڕوانگەیە سەرچاوە دەگرێ . لە نموونەیکی سادە دەس پێ دەکەین . ئەمە دیدێکی بە تەواوی مەتافیزیکیە ، هەر کات هاورێانی کۆمۆنیستی ئێمە گۆمان بکەن ، هەر هاورێکی کرێکار کە دێتە ریزی ئێمە ، بە شێوەیکی حەتمی دەبێ لە هەمان سەرەتاوە کۆمۆنیستێکی تەواو عەیار بێت و خاوەن هەمان ڕەوشت و تایبەتمەندی و لێهاتوویە بێت کە کادێرێکی بە ئەزموون و کارئامە هەیەتی . لە هەر زەمینەیکی ڕەخنەگرانە و پێش لە هەر شتێك ، دەبێ بە پرۆسەی پەرەساندن و قۆناخەکانی روو بە گەشەسەندنێك کە هاورێکی کۆمۆنیست ، یان بەشێك لە تەشکیلات و یان تەواوەتی بزووتنەوەی کرێکاری لە بەر دەگرێ ، سەرنج بدەین . دەبێ هەموو حاڵەتەکان لە بەردەوامی چالاکی و بەرەو پێش چوونیان بکەوێتە بەر هەڵسەنگاندن و ئەو کات بڕیاری لە سەر بدەین .

بۆیە مارکس ، بە تایبەت ئەم بیرە بە لاری چووانەیە کە یاساکانی ژیانی ئابووری بۆ ڕابردوو و ئێستا یەك جۆر دەزانێ ، ڕەت دەکاتەوە . و بە پێچەوانە ، لە سەر ئەم ئەسڵە پێ دادەگرێ کە هەر دەورەی مێژوویی دیاریکراو یاساکانی تایبەت بە خۆی هەیە .

لە هەر ڕەخنەیێك بەم یاسانە و ئەم بارودۆخە بە شێوەیکی حەتمی دەبێ ورد بین . ئەم یاسایە لە ڕەخنەگرتن لە شانەیکی بچووك ، ڕەخنەگرتن لە ئەندامێکی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی تاکو ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگایێك بە یەك شێوە کار دەکات . بۆ نموونە کاتێك هاورێك لە شانەیکی سوور تووشی هەڵەکانی یەك بە دوای یەك دەبێت ، یان ئەو ئەرکانەی کە پێ ڕاسپاردراوە ، ناتوانێ ئەنجام بدات و یان تووشی هندێك لاوازیە کە سەرەرای ناسینی ئەوان ، ناتوانی کار و چالاکی خۆی رێك و پێك بکات ، دەبێ بەرپرسایەتی ئەو تەشکیلات بگۆردرێ ، ئەرکێك کە بە ئەو دەسپێردرێ دەبێ لە ڕادە و ئاستی توانایی و یان لێهاتوویی ئەو بێت .لە هەمان حاڵدا دەبێ یارمەتی بدرێت تاکو لە قۆناخەکانی دوایی و لە مەودای پرۆسەیێك لە چالاکی ، لاوازی خۆی لە ناو ببات و بکاتەی خاڵی بە هێز لە خۆیدا ، ئەم کارە سەر ناگرێ تا ئەو کاتەی کە شانە یان بەرپرسانی سەروەوی شانە ، بارودۆخی چالاکی ، ڕادەی توانایی و ڕەوشت و تایبەتمەندی شەخسی ئەو بناسن ، خاڵەکانی لاوازی و بە هێزی ئەو بناسن و لەو شوێنەی کە ئەم هاورێە لەوێ پەروەردە بووە و یان لەوێدا چالاکی دەکات ، زانیاری بەسیان بێت .

ئەوەی کە لەم بوارەدا لە هەموو شت روون تر لە بەرچاو دێت ئەمەیە کە زانینی لاوازی و هەڵەکان لە لایەن ئەم هاورێە ، خۆی تێگەیشتنی ڕاستەقینە نیە ، نە ڕاستەقینە و لە سەر ئەساسی زانینی ئوسوڵی و تەواو لە بارودۆخی خۆی . مەبەست لەم نموونەیە زۆرتر شێوەی بیر کردن و دیدێکە کە هەر بیرێکی ڕەخنەگرانە دەبێ بە سەر شێوەی کار و چالاکی ئێمە زاڵ بێت .

ئەم نموونەیە لە زۆربەی بوارەکانیتر وەك لە شێوەی ڕەخنەگرتنی سوسیالیستەکانی خەیاڵی لە کۆمەڵگا لە سەدەی هەفدەهەم و هەژدەهەم رووی دا . زۆربەی سوسیالیستەکانی خەیاڵیش سەرەرای ڕاستی

و ئیمان بە داخوازیەکانی زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا ، ئاڵ و گۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بە وەدیهاتنی دروشمی (( ئازادی ، یەکسانی ، برایەتی )) وەک یەک دەزانین ، بێ ئەوەی کە لە تێگەیشتنی مادی بزووتنەوەی مێژوویی تێ ڕوانینێکی ڕوونیان هەبێت .

بابەتەکە لە لایەنێکی تر شی دەکەینەوە ، کاتێك دەڵێن لە هەر ڕەخنەگرتنێك دەبێ یەکەم جار سەرنج بدەینە تایبەتمەندی و یاساکانی مێژوویی زاڵ بە سەر هەر پێکهاتێك ، بەم مانایە کە بزانین ڕەخنەگرتن تەنیا بۆ ڕەت کردنەوە نیە ، بەڵکو بە شێوەیکی ئەساسی لایەنی سەلمێنەری بابەتەکە دەبێ لە بەرچاو بگرێت . ئێستا ئەم پێکهاتە چ کۆمەڵگایکی کۆن بێت ، چ ئیستراتێژی و تاکتیکی نادروست و چ کردەوەی بە هەڵەی هاورێکی شانەی کۆمۆنیستی . لەم حاڵەدا ڕەخنەگرتنی مارکسیستی کۆمەڵگای بورژوازی ، واتە خەبات بۆ دامەزراندنی سوسیالیزم ، ڕەخنەی ئوسوڵی تاکتیکێك واتە پێشنیار کردنی تاکتیکێکی ئوسوڵیتر ، و ڕەخنەگرتن لە کردەوەیکی بە هەڵە واتە پێشنیار کردنی ڕێگا چارەسەری بە کردەوە لە بەرانبەری ئەودا ، ئەم بوارانە کە یەك بە دوای یەك ئاماژەمان پێان کرد هەر چەند بابەتەکانی جیاوازن کە ڕەخنەی تایبەت بە خۆیان هەیە و ڕێگا چارەسەرەکانی جیاوازیان هەیە ، بەڵام ڕوانگەی زاڵ بە سەر ڕەخنەگرتنی ئەم بابەتانە ، تەنیا یەك ڕوانگەیە کە لە هەمووی ئەم نموونانە دەبێبە وردی سەرنجیان پێ بدەین .

(( بەشی سێهەم لە ژمارەی داهاتوو ))

ئێمە فیدائیانی کۆمۆنیست چ لە ناوخۆی ڕێکخراو و چ لە دەرەوەی ئەو، هەموو کات لە سەر ئەم باسە گشتیە پێ داگر بووین کە چۆن دەتوانیت چوارچێوەی حێزب، بەرنامە و پەیڕەوی ناوخو، شێوەی کار، ئیستراتێژیەت.و لەگەڵ یەك هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە لە رابردووی سەختی و شکست و سەرکەوتنەکان ، بزاڤی کرێکاری و خەباتی چینایەتی سەر لە نوێ ڕیك بخەین، لە سەر ئەم ئەساسە ئاوڕدانەوە لە رابردوو وەك چرای ڕێگای داهاتوو. بۆ ڕاست بوون و بە ئاکام گەیشتنی هەر پروگرام و هەنگاوێك بە پێویست دەزانین.

# پەرەساندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی گرانی و هەژاری لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

گرانی و هەژاری ، کەم بوونی پێداویستیەکانی گشتی قورسایی خۆی خستووتە سەر شانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتی ئێمە . ئەگەر چی لە مەودای دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی ڕۆژێك نەبووە کە هەژاری و چارە ڕەشی زۆرتر لە ڕۆژی پێش ژیانی کۆمەڵانی خەڵك ڕەش نەکاتەوە ، بەڵام کاتێك کە تێکەڵ بە هەموو چەشنە سیاسەتێکی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی دژی کۆمەڵانی خەڵك دەبێت ، قورسایی هەژاری و چارە ڕەشی بە سەر شانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش هەر چی قورس تر و تاقەت پروکێن تر دەکات .

شەڕخوازی و ڕووداوخوازی و سەرکوتی ناوخۆیی ، دزی و تاڵان ، بێکاری و بێ خانوویی ، لەش فرۆشی و هەزاران نکبەتیتر ، دیاری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیە بۆ خەڵکی هەژار و چەوساوە.

گرانی لە ڕادە بە دەری پێداویستیەکانی گشتی و زۆر بوونی بێ سنووری نرخی کەرەسەکانی پێویست بۆ کۆمەڵانی خەڵك لە هەڵ و مەرجی قەیرانی ئێستا ، لە هەڵ و مەرجێك کە کۆماری ئیسلامی هەموو سەرچاوەکانی داهاتی وڵات بۆ ئامانجەکانی گڵاوی ڕووداوخوازی و بەرین خوازی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ و کردەوەکانی سیخوڕی و تیروریستی تەرخان دەکات و بە هەموو شێوەیك لانی کەمی دەس ڕەنجی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشیش لە دەستیان دەر دێنێ ، شتێکە کە لە مەودای ٢٤ ساڵ دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ، هەر ڕۆژە پەرەدەستێنێ .بەڵام هۆی گرانی و هەژاری و چارەڕەشی کۆمەڵانی خەڵك تەنیا ئەم یان ئەو کردەوەی ڕێژیم نیە ، و هەموو کردەوەکانی و هەڵوێستەکانی ڕێژیم لە چوارچێوەی درێژەدانی سیاسەتەکانی هەڵدەسەنگێندرێت . و لە یەك ووتەدا هەموو کردەوەکانی دواکەوتووانە و سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی نیونەتەوەیی درێژەی سیاسەتەکانی دواکەوتووانەی ئەوە لە بوارەکانی سیاسی _ ئابووری _ کۆمەڵایەتی _ فەرهەنگی و هتد ...

برسیەتی و هەژاری و بێکاری ئاکامی حەتمی دەسەڵاتداریەتی سیستەمی سەرمایەداری و قەیران و تێك شکانی ئەوە .

سەرمایەداری تەنیا بە سەر ئەو پەیوەندیانەی دامەزراوە کە لایەنێکی ئەو هەژاری و ماڵ وێرانی و کردنی زۆربەی هەرە زۆری ئەوان بە کرێکار پێك دێنێ کە هیچ سەرمایەیك جگە لە هێزی کاری خۆیان بۆ فرۆشتن بە سەرمایەداران لە بەرانبەر نانی بژیو و نەمر بە دەستەوە نیە و لایەنێکیتری ئەم پەیوەندیانە ئەو سەرمایەدارانەیە کە لە گەڵ دەست بە سەر داگرتنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و هەموو سامانەکانی کۆمەڵایەتی لە گەڵ بە کار هێنانی هێزی سەرکوتگەر ، زۆربەی هەر زۆری کۆمەڵگا مەجبوور بە تەحموولی تاقەت پروکێن ترین هەڵ و مەرجەکانی چەوساندنەوە دەکەن .

ڕاستی ئەمەیە کە هۆی پەرەساندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی گرانی و هەژاری ، بێ بەند و باری سەرمایەداران لە تاڵانی هەر چی زۆرتری دەس ڕەنجی چینی کرێکار و قەرەبوو کردنی بودجەکانی تەرخان کراو بۆ ئامانجەکانی سەرکوتگەرانەی سەرمایەداران بە سەر شانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشە .

گرانی و هەژاری کاتێك لە ناو دەچێ ، ئەم هەموو دەرد و ڕەنجە کاتێك کۆتایی پێ دێت ، کە دەسەڵاتی چەوسێنەرانە و ستەم کارانەی سەرمایە بە هەموو ئامرازەکانی جەهەنەمی و سەرکوت و تاڵانی ئەو لە ناو بچێت و دەسەڵاتی دیموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵك دامەزرێ ، کرێکاران و زەحمەتکێشان چارە نووسی ئابووری و سیاسی خۆیان دیاری بکەن . واتە چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ لە ناو بچێ.

چەکوچە خوێنی من لە
دەستی کرێکار

داسە خوێنی من لە
دەستی جووتیار

# لیستەی شەهیدانی ڕێکخراو لە مانگی گوڵان

ئەحسانوڵلا ئیمانی
سادق
فرەیدون ئاشووری
غولاٌم حوسێن خاکباز
موحسین ڕەفعەتی
ڕوئیا عەلی پەنا فەرد
فریشتە گول عەنبەریان
شیرین مەعازد ( فەزیلەت کەلاٌم )
هادی فەرجاد پزشك
عەبدوڵلا پە نجە شاهی
عەلی ئەکبەر ( فرەیدون ) جەعفەری
نەسرین پە نجە شاهی
مەرزیە ئە حمەدی ئوسکویی
هەیبەتوڵلا بەهرامی سامانی
حەمید جەعفەری نەژاد
مەسعوود دانیاڵی
ئەکبەر سەمیمی
محەمەد عەلی حەسەنی
خەلیل سوڵە یمان نەژاد
مە حموود نەمازی
کازم سەعادەتی
کەماڵ کیانفەر
هوشەنگ ئەعزەمی لورستانی
مەقسوود بەیرام زادە

لادەن ئاڵ ئاغا
مەهوەش هاشمی
محەمەد ڕەزا قەنبەر پوور
ئە حمەد ڕەزا قەنبەر پوور
فەرزاد دادگەر
عزەت غەرەوی
ئەرژەنگ شایگان شام ئەسبی
ناسر شایگان شام ئەسبی
فەرهاد سدیقی پاشاکی
قوربان عەلی زەرکاری
جەهانگیر باقرپوور
ئەبوڵقاسیم تاج عەلی
محەمەد خورەم ئابادی
بەهروز ئەرمەغانی
ئیسماعیل عابدی
زوهرە مودیر شانەچی
حوسێن فاتیمی
میترا بولبول سفەت
کوبرا حەیدەریان
عەلی کەرەم داوەری
تورەج ئەشتەری
فەریدە ( فاتیمە ) غەرەوی
مستەفا حەسەن پوور ئەسیل
عەباس باقری



بگذار بذر تیر
بروید چون جنگلی
در آفتاب خون

# رسم مردان

ابوالقاسم لاهوتی

می‌بینمت، می‌بینمت،
رو سوی زندان می‌روی
با جرم عشق کارگر،
با یاد دهقان می‌روی
می‌بینمت، می‌بینمت،
با رسم مردان می‌روی.

ذیحق، مبارز، مستقل،
نی مضطرب، نی‌منفعل،
برداشته سر، پاکدل،
پر عزم و ایمان می‌روی.
می‌بینمت، می بینمت،
با رسم مردان می‌روی.

آنسان که باید بینمت:
افراشته قد، بینمت،
با فخر بیحد، بینمت،
آسوده وجدان می‌روی.
می‌بینمت، می‌بینمت،
با رسم مردان می‌روی.
بدخواه تو، ننگین بود،
دستش ز خون رنگین بود،
از عاقبت، غمگین بود،
اما تو، شادان می‌روی.
می‌بینمت، می‌بینمت،
با رسم مردان می روی.
بس راهها سنجیده‌ئی،
راه نکو، بگزیده‌ئی،-
با ظالمان جنگیده‌ئی
با فخر شایان می‌روی.
می‌بینمت، می‌بینمت،
با رسم مردان می‌روی.
اکنون بزندان بینمت،
فردا به میدان بینمت،
در بین یاران بینمت،
با فتح رخشان می‌روی.
می‌بینمت، می‌بینمت،
با رسم مردان می‌روی.

# بزووتنەوەی یەکیەتیەکانی کرێکاران و چۆنیەتی دامەزرانی سەندیکاکان

بۆ ئەمەی کە روون بێت باشترین و گونجاوترین رێکخراو و پێك هاتی کرێکاران چیە ، دەبێ بزانین ئەم پێك هاتانە بە دوای چ ئامانجێکن . بۆ تێگەیشتنی ئەم بابەتە یەکەم بۆ سەرەتاکانی رێکخستن و پێك هاتەکانی ئەوان لە دەورانی رابردوو دەگەرێینەوە واتە سەرەتای گەشە سەندنی سەرمایەداری یان لە هەل و مەرجەکانی کە تەکنولۆژی و پیشەکان هێشتا بە تەواوی گەشەیان نەکردە بوو و هێزی کرێکاران بەربلاو بوو ، ململانی نێوان ئەوان حاکم بوو و نەیاندەهێشت هێزی یەکگرتووی کرێکاران دژی سەرمایە خۆ رێك بخات . ئەم ململانیە سەرەتائیە خۆی بووە هۆی بلاوە بوونی کرێکاران و بلاوە بوون بە نورەی خۆی پەرەی بە ململانی دەدا . بەلام بەرە بەرە کە تەکنیك گەشەی کرد و پیشەکانی پێشکەوتو رادەیێکی یەکجار زۆر لە کرێکاران لە ناو خۆیان کۆ کردەوە ، کاتێك کارخانەکانی گەورەی پیشەیی جێگای سیستەمی مونوفاکتوریان گرت ، یەکەمین تێکۆشانی خۆ بە خۆیی کرێکاران لە خەباتی ئەوان دژی چەوساندنەوە و کوێلایەتی ، بووە هۆی پێك هاتنی خۆ بە خۆیی سەندیکاکان و یەکیەتیەکان . کە خۆی هۆکارێك بوو بۆ لە ناو بردنی ململانیەکان ، بەم شێوەیە پێك هاتە یەکیەتیەکان پێش لەوەی کە سەرمایە بکەن بە ئامانجی شەری خۆیان ، تێکۆشانێکی خۆ بە خۆیی بوو بۆ لە ناو بردنی ململانی لە نێوان کرێکاران ، کردوەیێك بوو نەك بۆ زەبر وەشاندن لە سیستەمی سەرمایەداری ، بەلکو یەکیەتێك بوو بۆ باش کردنی هەل و مەرجەکانی کار و دابەزاندنی کۆیلایەتی بەکرێگیراوی ، سەندیکاکان و پێك هاتەکانی یەکیەتیەکان ، داخوازیەکانی ئاسوودەیی کرێکاران لە چوار چێوەی سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری ، داوا دەکردن و وەك کۆسپێکی بە هێز لە بەرانبەر زۆڵم و ستەمەکانی سەرمایە سەریان هەڵدەدا . بە کورتی ئەساسی چالاکی یەکیەتیەکان بە خەبات بۆ داخوازیەکانی رۆژانەی کرێکاران و رێکەوتنی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران لە سەر رادەی حەق دەس ، کاتی کار کردن و هەل و مەرجەکانی کار بەر بەست دەکرا . ئامانجێك کە سەندیکاکان بە شێوەیێکی خۆ بە خۆیی بە دوای بوون ، رێکخستنی هێزی گشتی ، بەربلاو و پەرەگرتووی کرێکاران بۆ باش کردنی رێکەوتنی کار و تێکۆشانێك بوو بۆ بەرگری کردن لە توونی بوونی زەختی هەمیشەیی سەرمایەداران کە بەردەوام هەولیان دەدا هەل و مەرجەکانی کار بۆ کرێکاران دژوارتر بکەن و رادەی چەوساندنەوە هەر چی زۆرتر و توندتر بکەن . بەلام ئامانجی سەندیکاکان تەنیا ئەمە نەبوو و لەم سنوورە دا بەربەست نەکرا ، پێك هاتنی خۆ بە خۆیی سندیکاکان و خەباتی بەردەوام لە نێوان کار و سەرمایە لە سەر هەل و مەرجەکانی کار ، هەوراز و نێشوی ئەم خەباتە و پاشەکشەکانی و پێشرەویەکانی لەشکری کار لە بەرانبەر سەرمایە ، لە گەل گەشە کردنی مارکسیزم و رەخنەی لە ناو کرێکاران ، رۆلێکی تازەی دایە سەندیکاکان و وەك ئامرازێك بۆ دانی لایەنی دیاریکراو و بە مەبەستی خەبات دژی تەواوەتی سیستەم و لە ناو بردنی ئەو ، گرینگی زۆرتری پەیدا کرد . پێویستی رەخنەی کۆمۆنیستەکان لە ناو سەندیکاکانی کرێکاری و گۆرینی ئەوان بە سەندیکاکانی سوور ، لە پەیوەندی لە گەل ئەم بابەتە ، گرینگ بوو .

سەرەرای ئەمە ، بە لە بەر چاو گرتنی گرینگی و رۆلێك کە یەکیەتیەکان لە رێکخستن و پێکهاتنی کرێکاران بینیان ، هیچ کات نەیانتوانی ببنە پێك هاتێکی سەربەخۆ بۆ لە ناو بردنی سیستەمی سەرمایەداری . چونکە لە لایکەوە پێکهات و بنیاتی یەکیەتی و لە لایکی دیکەوە ئاستی سنووری داوای خەباتی یەکیەتیەکان هیچ کات ناهیلێ ، یەکیەتیەکان و سەندیکاکان ببنە ئورگانەکانی رێکخستنی خەباتی سیاسی کرێکاران بۆ رووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری . ئەم پێکهاتانە بە شێوەیێکی ئەساسی پێکهاتی سینفین و لە چوار چێوەی سیستەمی سەرمایەداری مانا و ناوەرۆك پەیدا دەکەن . بە تەواوی وەك رۆلێك کە دەزگاکانی بوروکراتیکی ئیداری دەولەتی بۆ بورژوازی دەبینن ، بەم جیاوازیە کە بورژوازی لە رێگای بنیاتەکانی دەولەتی و دەزگای کۆکراوەی خۆی دەسەلاتی تاتەواوی خۆی بە کۆمەلگا و بە سەر ژیانی کرێکاران دادەسەپێنێ ، بەلام کرێکاران لە گەل سەندیکاکانی خۆیان تەنیا دەتوانن لە سەر هەل و مەرجەکانی ریفاهی باشتر لە شێوەی فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان چەقە چەق بکەن .

ئەم شتە واتە پێك هات و بنیاتی دیاریکراوی یەکیەتیەکان و کەنە کێشەی هەمیشەیی خەبات لە سەر هەل و مەرجەکانی کار ، تا ئەو کاتەی کە ئابووری سوسیالیستی حاکم نەبێت ، تایبەتمەندی بەردەوام بە یەکیەتیەکان دەدات و بزووتنەوەی یەکیەتیەکان بە بزووتنەوەی بەردەوام لە ئاستی گشتی بزووتنەوەی چینی کرێکار دەگۆرێ . هەر ئەم تایبەتمەندیە واتە پێك هات و تایبەتمەندی بەردەوامی بزووتنەوەی یەکیەتیەکان و پۆتانسێل و پیوانەیێك کە یەکیەتیەکان و سەندیکاکان لە خێرا کردنی خەباتی سیاسی و خەباتی چینایەتی کرێکاران هەیەتی ، دوژمنی چینایەتی واتە بورژوازی ناهێلێ لە ناو یەکیەتیەکان و سەندیکاکان رخنە بکات و کونترۆل و راهێنانی ئەوان بە دەستەوە بگرێ و نەهیلێ پێکهاتەکانی سەندیکایی لە خزمەتی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاران بێت .

بەلام هێرشی بورژوازی بۆ لای یەکیەتیەکان و دژی پێکهاتی سەندیکایی ، بە یەك شێوە و لە رێگای جێ بە جێ کردنی یەك سیاسەت نیە . سەرمایەداران و حکومەتەکیان گونجاو لە گەل شێوەی چالاکی یەکیەتیەکان و رۆلێك کە لە خەباتی کرێکاران

دەبینن، سیاسەتەکانی جۆر بە جۆر دژی ئەوان جێ بە جێ دەکەن . بۆ نموونە کاتێك هەستی پێ دەکەن کە یەکیەتیەکان قازانجەکانی چینایەتی ئەوان بە مەترسی دەخەن و تەواوەتی حکومەتەکەیان کردوونەتە ئامانجی هێرشی خۆیان ، پێش لە هەموو شت بۆ تێك شکاندن و لە ناو بردنی ئەوان دەس بە کار دەبن و لە کاتێك دا کە هەست بە خەتەر نەکەن تێ دەکۆشن تاکو لە گەڵ بە دەستەوە گرتنی ڕێبەرایەتی و کۆنترۆڵی یەکیەتی و سەندیکاکان ، ئەم ئورگانانە بکەن بە ئامرازی دەستی خۆیان و بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتەکانی خۆیان ، هەڵبەتە ئەم هەوڵ و تەقەلایە ئەنجامێکی نیە و ناتوانێ پەیوەندی یەکیەتی و سەندیکاکان لە شێوەی بەردەوامی ئەوە لە گەڵ کۆمەڵانی کرێکار بپچڕێ ، بەڵکو لە باشترین حاڵدا بۆ سەرمایەداران کۆسپێکە کە لە سەرهەڵدانی هاندەرەکانی سیاسی لە خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران ، بەرگرێ دەکات .

بۆ روون تر بوونی بابەتەکە ، لە سەر ئەم زەمینەیەدا زۆرتر باس دەکەین .پێش تر ووتمان سەرمایەداران بەردەوام تێ دەکۆشن ڕادەی چەوساندنەوە بە شێوەیکی لە ڕادە بە دەر بینە سەرەوە و هەل و مەرجەکانی کار بۆ کرێکاران دژوارتر بکەن . سەرمایەداران قەد تێر نابن . بەڵام دژواری هەل و مەرجەکانی کار پەیوەندیی هەیە بە گەشە کردنی تەکنولۆژی و پەرەسەندنی پیشەکان . هەل و مەرجەکانی کار ئەوەندەی کە پیشە دواکەوتووتر بێت ، وەحشیانەتر و کاریش دژوارتر و تاقەت پڕۆکێن ترە . بە گەشە کردنی پیشە و تەکنولۆژی هەل و مەرجەکانی کاری کرێکار ئاسانتر دەبێ . بەڵام لە بەرانبەردا بە زۆرتر بوونی ڕادەی بەرهەم هێنان و بردنە سەرەوەی قازانج گەیاندنی کار ، چەوساندنەوەی کرێکاران لە ڕەوتی بە پێچەوانە ، توند دەبێ و بە نیسبەت گەشە کردنی تەکنولۆژی دەچێتە سەرەوە . ئەم بابەتە بە سەرمایەداران ئیجازە دەدات ،سەبارەت بە هەل و مەرجەکانی کار دەستیان ئاواڵە بێت و هەرکارێك پیان خۆش بێت بکەن و مەترسی ئەوتویان نەبێت لە خەباتی ئابووری کرێکاران . سەرمایەداران حەتا هەندێك جار لە خەباتی یەکیەتیە کرێکاریەکان پشتیوانی دەکەن . ئەمە لە هەل و مەرجێکە کە لە داهاتووی ئەم خەباتانە هەست بە مەترسی نەکەن . لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەیی ، سەرمایەداران بە پتەو کردنی هێز و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی خۆیان لە ڕێگای دەزگاکانی دەوڵەتی ، سیستەمی پەروەردە و زاڵ بوونی فەرهەنگی و هونەری و هتد ... ، لە لایەکەوە ڕێگای هەر چەشنە دەرچوونی کرێکاران لە سنووری بزووتنەوەی یەکیەتیەکان دەگرن ، لە لایەکی دیکەوە خەباتی یەکیەتیەکانی ئەوان بۆ هەل و مەرجەکانی باشتری کار ، دەکەنەوە . ئەم سیاسەتە لە بزووتنەوەی یەکیەتیەکانی کرێکاران بە شێوەیکی گشتی لە ڕێگای ستونی پێنجەمی خۆیان واتە لە ڕێگای ڕێکخراوەکان و ئەحزابی ڕیفورمیست پێش دەچێ تاکو ببێتە کوسپێك لە سەر ڕێگای سەرهەڵدانی تێگەیشتن لە نێوان کرێکاران ، ئەم هەوڵ و تەقەلایانە ، هەڵبەتە ڕۆڵی بزووتنەوەی یەکیەتیەکان لە ناو نابات و سەرەڕای نەبوونی مەیل و ئیرادەی سەرمایەداران یەکگرتنی کرێکاران لە ناو نابات . بەڵکو بە نیسبەت ئەمەی کە ڕێبەری یەکیەتیەکان بە دەستی چینی کرێکار بێت یان بە دەستی بورژوازی و یان ستونی پێنجەمی بورژوازی ، ناوەرۆکی چالاکی یەکیەتیەکان ناگۆردرێ . بەڵام ئەوەی کە لە ئاکامی ئەم کەنە کێشەیە بە شێوەیکی گشتی وەك خۆی دەمینێتەوە ، پێوانە و توانای خەباتی یەکیەتیەکانە کە خۆی بە تەنیا و بە بێ حیزبی پرولەتاریا ، هیچ کات ناتوانێ چوار چێوەی سیستەمی سەرمایەداری تێك بشکێنێ . بەم پێداچوونەوەیە بیینن تایبەتمەندی وڵاتمان و ڕۆڵی بزووتنەوەی یەکیەتیەکان لە خەباتی کرێکارانی ئێران چیە ؟ ئەگەر پێداچوونەوەیێکی کورتمان بە سەر کورتە مێژووی بزووتنەوەی یەکیەتیەکان لە ئێران بێت ، بۆمان دەر دەکەوێ کە لە وڵاتی ئێمە بە هۆی بوونی پاشماوەکانی سیستەمەکانی پێش لە سەرمایەداری و تایبەتمەندی گرێ دراوی سەرمایەداری ئێران کە زەختی چەوساندنەوەی گەیاندووتە ئەو پەڕی خۆی ، بزووتنەوەی یەکیەتیەکان هیچ کات نەیتوانیوە بەردەوام بێت و جگە لە ماوەکانی کورت کە یەکیەتیەکان بە شێوەیکی کاتی دامەزراون ، کرێکاران هیچ کات نەیانتوانیوە لە پێك هاتەکانی یەکیەتیەکان و سەندیکاکانی خۆیان ڕێك بخرێن . یەکیەتیەکان لە ڕابردوو لە دەورانێکی کورت هاوکات لە گەڵ شۆڕشی مەشروتەخوازی دامەزران و لە مەودای تەنیا نێزیك بە یەك دەیە لە هەل و مەرجی دیکتاتۆری فاشیستی ڕەزا شا ، لە ناو چوون و پاشان لە هێرشی ئاشکرای کۆمەڵانی خەڵك لە ساڵەکانی ١٣٢٠ تاکو ١٣٣٢ ی هەتاوی ( ١٩٤١ تاکو ١٩٥٣ی زائینی ) بۆ جارێکی تر سەریان هەڵدا و دیسان بە شکستی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ساڵەکانی پاش ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ( ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٥٣ی زائینی ) بە یەکجاری لە ناو چوون . لەمەو بە دوا سەندیکاکان و هەندێك لە یەکیەتیەکان وەك نووسینگەکانی داخراوێك دەرهاتن کە زۆربەی ئەوان جگە لە ناو شتێکیان نەبوو ، و بە کردەوە بوونە بەشێك لە ڕێکخراوی ئەمنیەت و ئاسایشی حکومەتی شا ، واتە ساواك .

(( بەشی کۆتایی لە ژمارەی داهاتوو ))

لە مێژوە تاقمەکانی ڕەشی دەستەڵاتدار و بەشێك لە ڕوناکبیرانی وردە بۆرژوا هەستیان بەم پێویستیە کردووە. لە سەر ئەساسی سەرکوتی توند و قەدەغە کردنی چالاکی کۆمۆنیستی و کرێکارانی پێشڕەو، زیدە لە ڕێکخراوەکانێك وەك خانووی کرێکار، ئەنجومەن و شووراکانی ئیسلامی کار، لەم ساڵانەی دوایەدا ئەحزابی بەناو بانگتر وەك ((حیزبی ئیسلامی کرێکارانی ئێران)) وەتد کە لە ڕاستیدا لە لایەن کەسانی سەر بە تاقمی ڕەش پێك هاتوون، تاکو سەرەڕای بەرگری کردن لە ویستی چینی کرێکار بۆ پێك هێنانی حیزب و ڕێکخراوی سەربەخۆ و ئیزولە کردنی تێکۆشانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەم زەمینەدا، بەرپەرچی خەباتی ئەوان بدەن و وەك لەشکری ڕەش بنە خزمەتکاری شەڕی نێوان باڵەکانی ناوخۆیی حکومەت.

ئەم بابەتە وەرگێرانی بەشێکە لە بابەتی (( کۆتایی چیرۆکی قارەمانی ئەشکنجەگەران )) کە لە ژمارەی ٣٣ی بڵاوکراوەی سیاسی _ خەبەری جهان کمونیستی چاپ کراوە .

## (( کۆتایی چیرۆکی قارەمانی ئەشکنجەگەران ))

عەباس عەبدی خوێندکاری زانکۆ و پەیڕەوی خەتی ئیمام و قارەمانی حیزبوڵلاهی دەیەی یەکەمی حکومەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و یەکێك لە ڕێبەرانی خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمام لە هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا و بەلڕێ بەری خەباتی دیموکراتیك و دژی ئیمپریالیستی خەڵکی ئێران ، یەکێك لە بەرپرسان و بناغەدانەرانی وزارەتی ئیتلاعات و ڕاوچی شۆڕشگێران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران ، ئەندازیار و ڕوشنبیری ناسراو بە ریفورم خواز ، یەکێك لە تیئوریسیەنەکان و سەرکردەکانی تاقمی دووی جۆزەردان و هەروا یەکێك لە (( قارەمانان )) ی ناسراو بە خەباتی ئاشکرا کردن دژی سیاسەتەکانی سەرکوتگەرانە و وەحشیانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، بە تومەتی سیخوڕی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم ، دەسگیر و دەبرێتە زیندان . تاقمی دووی جۆزەردان سوار بە سەر شەپۆلی نارەزایەتی خەڵك ، بۆ پاراستنی ڕێژیم و زیادە خوازی لە ناوخۆی تاقمەکانی مافیایی بە دوای تەوبە کردنی سیامەك پوور زەند و هاشیم ئاغاجەری و . . . چاوەڕوانی قارەمانێك بە ناوی عەبدی بوو کە بە تەوبە کردنی عەباس عەبدی هەموو ئارەزووەکانی تاقمی دووی جۆزەردانی دایە دەم با ، و ئەو لە نامەی خۆی لە دادگا نیشانی دا کە پاڵەوانێکی لۆکەیی زۆرتر نیە و ئەرکی دیفاع لە تاقمی دووی جۆزەردانی ئەو گەیشتوتە کۆتایی خۆی و تەنانەت ناتوانێ چەند ڕۆژ زیندانی تاکەکەسی تەحموول بکات و باروودۆخی خۆی و دۆستان و هاوکارانی خۆی لە گەڵ موشکیلە ڕووبەڕوو نەکات. عەباس عەبدی لە نامەی ڕێکەوتی ٨ی بەفرانبار بۆ دیفاع لە خۆی لە بەرانبەر تاقمی بە هێزتر لە پێکهاتی دەسەڵات ، دەنووسێ :

(( من سەرەتا ئەرکی خۆم دەزانم کە لە شێوەی لێکۆڵینەوەکان و بەڕێوەبەرانی زیندان سوپاس و پێزانین بکەم و تێ دەکۆشم تاکو لە لایەنێکی تریش بابەتەکانی لێکۆڵینەوە تەواو و ڕێگایێك لە پێش دادگا بۆ بڕیاردان بکەمەوە ، بە تایبەتی سەبارەت بە تومەتەکانی خوارەوە هەندێك شت بۆ دادگا دەڵێم و . . ))

ئەم قسانە بۆ خەڵك زۆر ڕوونە . لەو جێگایە کە عەبدی خۆی دەورانێك لە کومیتەی هاوبەش گۆڕەپان بە دەستەوەی بوو ، ئەدەبیاتی ئەشکنجەگەران زۆر شارەزایە و لێان تێ دەگات و دەزانێ کە زمانی ئەشکنجەگەران جگە لە زەخت و بەزەیی نەهاتن نیە . ئەدەبیاتێك کە لە مەودای چەندین دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە بەندیخانەکانی کاتی و زیندانەکان جێ بە جێ کراوە ، ئەدەبیاتێك کە ئەشکنجەگەرانی ئەو ، کەبڵ ، تازیانە ، کەڵەبچە ( قەپانی ) شان و ئێسك شکاندن ، ڕەش کردن ، قامك برین ، نینۆك هەڵکێشان ، لە گوونی خستن و لێدان ، هەرەشەی ئەشکنجە کردنی بنەماڵە و خۆشەویستانی زیندانی و . . . دەناسن و بە بەشداری کردن لەم جینایەتانەیە کە دەتوانن پلە و بەرپرسایەتی حکومەتی و ئیداری بە دەست بهێنن .ئەدەبیاتێك کە دەس پەروەردەکانی خۆی فێری دوژمنی و بێزاری لە گەڵ ئازادی و بەرابەری و دیموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەکات . عەباس عەبدی بە شارەزایی تەواو لەم ئەدەبیاتە هیچ بە پێویست نازانێ لە بەرانبەر داخوازیەکانی مافیای بە هێز خۆی ڕاگرێ و هەموو پردەکانی پشتی سەری خۆی برووخێنێ . هەروا ئەو تێ گەیشتیە کە ئەرکی ئەو لە گەڵاڵە دارشتنی بابەتی ریفۆرم کۆتایی پێ هاتووە و دەبێ تاکو ماوەیێکیش لە ژێر سێبەری ڕێبەری خۆی ئایەتوڵلا خامنەیی خێمە هەڵبداتەوە. قارەمانانی چیرۆکەکانی ڕاستەقینەی خەڵك کەسانی سەیر نین و قازانجیان جیا لە قازانجی خەڵك نیە ، ناوەڕۆکی ئەسڵی ئەم چیرۆکانە ئەوە قارەمانانەن کە هیچ پاداشتێك لە بەرانبەر گیان فیدایی و خەباتی خۆیان وەر نەگرتوون و پاش شکستیش بچووك سوك و بچووك نەکراون و لە بەرانبەر دوژمنیان ڕاوەستاون و وەك قارەمانی میللی ناسراون . قارەمان لە گەڵ خەڵك ژیان دەکات و لە دەرد و ڕەنجی ئەوان بەشدارە و دژی زوڵم و ستەم خەبات دەکات و عەشق بە خەڵك و ئازادی و بەرابەری ئەوی لە گەڵ خەڵك پەیوەند دەدات و لە ڕەوتی خەبات دەبێتە پێشڕەوی شۆڕشگێر . ترس لە دوژمن ئەو مەجبوور بە پاشەکشە ناکات و بە شێوەکانی جۆر بە جۆر درێژە بە خەباتی خۆی دەدات و تێ دەکۆشێ تاکو بە بوونی زەمینەی باش و گونجاو خەڵك بۆ پێك هێنانی گۆڕانکاریەکانی بنەڕەتی بهێنێتە گۆڕەپانی خەبات . خەڵك بە بێ سەرنج دان بە هیوا و ئاواتەکانی قازانج خوازان لە خەباتی خۆیان لە کەسانێك وەك گولسورخیەکان و سەمەد بەهرەنگیەکان و سەعید موحسێنەکان و رەزائیەکان و جەزەنیەکان و ئەحمەد زادەکان کە ڕێژیمی دیکتاتۆری شا ئەوانی ئاژاوەگێر و بەکرێگیراوی ئەجنەبیەکان ناو دەبرد ، و هەروەها هەزاران خەباتگێر و موجاهید و کۆمۆنیستێك کە لە زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەشکنجەی وەحشیانە کراون و یان درانە بەر دەستەکانی ئیعدام و یان هێشتا بێ ناو و نیشان دژی وەحشیگەری سەدەکانی ناوەراستی ڕێژیمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن ، خەڵك بێ ئەوەی کە یادی قارەمانەتی خەباتگێرانێك کە ژیان و گیانی خۆیان لە ڕێگای کۆمەڵانی خەڵك فیدا کردوون ، لە بیر بکەنەوە ، قارەمانانی تازە بۆ بەرەو پێش بردنی خەبات لە داوێنی خۆیان پەروەردە دەکەن و ئاوا خۆڕاگرێك دەخوڵقێنن کە هیچ ڕێگرێك نەتوانی بەرێ پێ بگرێ.

پاشماوە لە لاپەرە ٢

# ووشەی سیاسی

## کۆیلەداری ( Esclavagisme )

کۆیلەداری یەکەم فۆرماسیونی کۆمەڵایەتی _ ئابووری لە سەر ئەساسی چەوساندنەوەی مرۆڤـــ بە دەستی مرۆڤە . کۆیلەداری لە قۆناخی لە ناو چوونی کۆمۆنی سەرەتایی و لە سەر ئەساسی زیاتر بوونی نابەرابەری ئابووری کە خۆی بەرهەمی پەیدا بوونی خاوەن مڵکایەتی تایبەتی بوو گەشەی کرد . کۆیلایەتی یەکەم جار لە مسری کۆن ، لە بابل ، لە چین و هیند سەری هەڵدا ، بەڵام لە یۆنان و رۆمی دێرین بە شێوازی کلاسیکی خۆی پەرەی ساند . لە رۆژهەڵات و هەروەها لە وڵاتی ئێمەدا کۆیلایەتی زۆرتر خاوەن رەوشتی باوك سالاری و بنەماڵەیی بوو. دوو چینی سەرەکی ئەم فۆرماسیونە کۆمەڵایەتی _ ئابووریە کۆیلەکان و کۆیلەداران بوون . چینەکانی مام ناوەندی وەك ، خاوەن مڵکە بچووکەکان و کاسبکاران و ئەوانەی کە پەیوەندی چینایەتیان نەبوو و بێ چین بوون لە خاوەن مڵکەکانی بچووك کە لە باری ماڵی شکستیان خواردە بوو بەڵام کۆیلە نەبوون ، پێك دەهاتن .

ئەساسی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان لەم قۆناخەدا بریتیە لە خاوەن مڵکایەتی کۆیلەدار بە سەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و بە سەر کۆیلەدا . کۆیلە وەك ئامرازی شیاوی کرین و فرۆشتن بوو . کۆیلەدار خاوەنی گیانی کۆیلەیش بوو . کۆیلەدارەکانیش بە توێژەکانی جۆر بە جۆر دابەش دەکران ، وەك خاوەن مڵکە گەورەکانی زەوی ، خاوەن کارگەکان و بازرگانەکان . لە هەل و مەرجی کاردا رادەی زۆری کۆیلەکان و هەرزانی یەکجار زۆری ئەوان ، سەرەرای بوونی ئامرازەکانی زۆر زۆر سەرەتایی ، زێدە بەرهەمی بە دەست هاتوو کە خۆی ئیمکانی تا رادەیێك زۆرتری ( نیسبەت بە کۆمۆنی سەرەتایی ) بۆ گەشەی ئامرازی بەرهەم هێنان و سەر هەڵدانی زانست و هونەر دابین دەکرد . بەڵام پاش گەشەی دیاری کراو کە خۆی دوای چەندین سەدەی بە درێژە خایاند ، هێزەکانیتری بەرهەم هێنان لە چوارچێوەی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی کۆیلایەتی نەیتوانی پەرە بستێنێ . بە هۆی توند بوونی دژایەتیەکانی چینایەتی کە راپەرینەکانی مەزنی کۆیلەکان نموونەیەتی ، کۆڵەکەکانی کۆیلەداری هاتە لەرزین . بە جێگای دەورانی کۆیلەداری فۆرماسیونی کۆمەڵایەتی _ ئابووریتری کە ئەویش لە سەر ئەساسی چەوساندنەوە و ئیستعمار بوو _ دەورانی دەرەبەگایەتی ( فیئودالی ) _ دامەزرا کە بە نۆرەی خۆی و بە نیسبەت دەورانی پێش لە خۆی پێشکەوتووتر بوو و گۆرەپانێکی بەربلاوتری بۆ گەشە کردنی هێزەکانی بەرهەم هێنان پێك هات . ئەگەر چی فۆرماسیونی کۆمەڵایەتی _ ئابووری کۆیلایەتی وەکو قۆناخێکی مێژوویی پەرەساندنی کۆمەڵایەتی لە ناو چوو ، بەڵام بوونی کۆیلە بە شێوازەکانی جۆر بە جۆر لە دەورانی دەرەبەگایەتی ( فیئودالیزم ) ، تەنانەت تاکو نێزیك بە سەد ساڵی رابردوو مابوو ، بۆ نموونە تاکو یەك سەدە و نیو پێش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، و یان لە هەندێك لە وڵاتانی مووستەعمەرە و نیوە مووستەعمەرە شێوازەکانی جۆر بە جۆری کۆیلایەتی دەبینندرا .

## بلانکیزم ( Blankisme )

بلانکیزم ناوی رەوتێکە لە بزووتنەوەی سوسیالیستی کە لە سەدەی نۆزدەهەم لە فەرانسە سەری هەڵدا و پەیوەنیی بوو بە ناو و چالاکی ئۆگۆست بلانکی شۆرشگێری بەناو بانگ . ئەو هەروەها لە سەر ئەو بروایە بوو کە چەوساندنەوەی سەرمایەداری دەتوانین بە پیلان و کردەوەی گروپێکی بچووك لە شۆرشگێرانی سوور لە سەر بیر و بروا و لە خۆ بردوو و بێ بەشداری و پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵك لە ناو برد و بە دامەزراندنی ئەو گروپە بچووکە لە دەسەڵات سوسیالیزم دامەزراند . ئێستا چەمکی بلانکیزم بریتیە لە تاکتیکی پیلانگێری و کردەوەی گروپێکی بچووك بە بیر و بۆچوونی توند و شێوەی کردەوە و تیئوری پەیوەندیدار ، بێ باوەری بە کۆمەڵانی خەڵك و بە پێویستی خەباتی رێکخراو و ئوسولی ئەوان . بلانکیستەکان سەرنج نادەنە هاوسەنگی هێزەکان و رۆڵی کۆمەڵانی خەڵك و بارودۆخی شۆرشگێرانەی دیاری کراو ، و هەل و مەرجەکانی پێویست بۆ سەرکەوتن و چالاکی بەردەوام و لە سەرخۆ و سیاسەتێکی ئوسولیان نیە ، بە رۆڵی چینی کرێکار و حیزب و گرێنگی پەیوەندی لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵك باوەریان نیە .

ئەمە چەمکی گشتی ئەمرۆی بلانکیزمە . هەڵبەت دەبێ بڵێن کە لویی ئۆگۆست بلانکی ( ١٨٨١– ١٨٠٥ ) لە شۆرشگێرانی مەزنی فەرانسیە کە بیروەری لە خۆ بردووئیەکان و خەباتی بەردەوامی ئەو لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری فەرانسا و جیهان دەنگی داوەتەوە . زۆرتر لە شەست ساڵ لە تەمەنی خۆی لە رێبەرایەتی چەندین رێکخراو و گروپی نهێنی و لە خەباتی بەردەوام دا تێپەر کرد ، دوو جار هەوڵی بۆ کودێتا دا ، دوو جار بریاری مەرگی بۆ دەرچوو ، هەر دوو جار بریارەکە کرایە بریاری زینانی هەتا هەتایی . زۆرتر لە چل ساڵ لە ژیانی ئەو لە بەندیخانە تێپەر بوو . لە ساڵی ١٨٧١ بلانکی بە پەنامەکی لە کۆمۆنی پاریس _ لە کاتێك دا کە یەکەم هێرشی کرێکاری دژی سەرمایەداری بە شێوەی کاتی سەرکەوت _ بە ئەندامی کۆمۆن هەڵبژێردرا . ئەو دوو ساڵ پێش لە مردنی لە بەر ئەوەی کە پەنامەکی بە نوێنەرایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرا بوو لە بەندیخانە ئازاد کرا . مارکس و ئەنگڵس سەرەرای ئەوەی کە بۆ کەسایەتی شۆرشگێرانەی لویی ئۆگۆست بلانکی رێزیان دادەنا ، بەڵام شێوەی ئەو بۆ گۆرانکاری کۆمەڵگا رەت دەکردنەوە .

**ناونیشانی پوستی ئەلکترونیکی رێکخراو :**
webmaster@fedayi.org
**ناونیشانی پوستی ئەلکترونیکی کومیتەی کوردستان :**
Kurdistan@fedayi.org

**بروخێ رێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**